# بوکە سورە

## شیعر بۆ مناڵان

به پشتیوانی

کۆمەڵەی کوردانی ئەمریکا

ئەم نامیلکەیە چاپکراوە

KURDISH AMERICAN GROUP

نوسینی : سەردار قادر

ناوی کتێب : **بوکە سورە**

بابەت : هۆنراوەی مناڵان

نوسینی : سەردار قادر

دیزاین : ڕامان عبدالله

تایپ : ڕەوەند پێنجوێنی

نیگارکێش : ستار قادر

چاپ : چاپخانەی نیل

تیراژ : ١٥٠٠ دانە

ساڵی چاپ : ٢٠٢٢

نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم

# دەستپێک

لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کۆمەڵێ دەق دەکەونە بەردەست و دیدەی خوێنەران کەبە بۆچوونی نوسەرەکانیان تایبەتن بەجیهانی مناڵ وبەتایبەتی بۆئەوان نوسروان بەڵام لەڕاستیدا نە لە دوور و نەلە نزیک نە پەیوەندی بە مناڵەوە هەیە و نەسودیشیان لێدەبینێ بەڵکو بە پێچەوانەوە زیانێکی زۆرگەورە بە مناڵی خوێنەوروسەرجەم کایەی ئەدەبیاتی مناڵان دەگەیەنێ وە دەبێتە هۆی شێواندنی هەست وبیریان و لەلایەک چێژی لێ نابینێ و لەلایەکی دی لەخوێندنەوە دوری دەخاتەوە وە بەجارێک دەیتۆرێنێ ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین زۆربەی ئەو کتێبانەی کەلەم دوایانەدا چاپکراون نەژمارەی سپاردنیان لەسەرەو نە بەهیچ فلتەرێکدا تێپەڕیون هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی لێوان لێوبن لە وشە و زارەوە و دەستەواژەی هەڵەو نەشیاو ناپەروەردەیی و دواجاریش دورن لەفەرهەنگی مناڵ،ئەویش بەهۆی نەبونی چاودێری فلتەرو ڕەخنەگرەوە ئەم شێواویە هاتۆتە کایەوە،بەمەش زیانی زۆری بە مناڵ و ئەدەبیاتی مناڵان گەیاندوە هیوادارم ئەم کۆمەڵە شیعرە هەنگاوێک دورکەوتبێتەوە لەوبێ سەروبەریەی کە ئاماژەمان پێداوە!

**ئەمین محمد**

23/12/2021



**ئەم نامیلکە شیعرە پێشکەشە :**

**بە ڕۆحی پەپولە ئاسای ( سان و یاد و ئایلان و دانەر )**

**کە دواین هەناسەیان لە نێو شەپۆلە توڕەکانی ئاودا نقووم بوو...**

**وە پێشکەشە بە مناڵە بێنازەکانی ئەم وڵاتە بریندارە..**


دانەر


ئایلان


ياد


سان

زۆرن ئەوشیعرانەی بۆ مناڵ دەنوسرێن

کەمن ئەو شیعرانەی مناڵ دەیکات بەگۆرانی

سەردارقادر



# چۆلەکە

چۆلەکە وریا و ئازاکە
ئادەی بەرەو لای من ڕاکە
لەگەڵ یەکەم تیشکی ئاسۆ
منیش هەستاوم وەکو تۆ
وەرە بفڕە بۆسەر دەستم
هاوڕێی جوان و خۆشەویستم
وا هات بۆ لام بە قونە قون
ڕێگا دەبڕێ بەرەو لای من
جارێ واز بێنە لە چینە
وەرە تیشکی خۆر ببینە
جیك جیك خاوەن ئاوازی خۆش
وا منیشت خستە خرۆش
ئای خۆ فڕی بەرەو ئاسمان
بە هیوای دیدار هاوڕێ گیان !



٢٠١٩/٨/٢٤
سلێمانی

# بێچووە مراوی

دایکە مراوی غاکە غاك
مەلەی دەکرد بەبێباك
بێچوەکەشی لەو لاوە
وا بۆ خۆی حەپەساوە
ئاوات و خۆزگەی وابوو
ئەویش بۆ ناو ئاو دەچوو
وا ڕۆشت تاقی کاتەوە
بێ ئەوەی ئاوڕ باتەوە
خێرا کەوتە جم و جوڵ
خۆی گەیاندە ئاوی قوڵ
ئۆخەی وا مەلە دەکا
تەماشا چۆن گەشت دەکا
چونکە سەرنجی ورد بوو
زۆر ئاسان مەلە فێر بوو



٢٠١٦/٦/١٧
سلێمانی

بوکە سورە

# مێـرووی ئـاوریـشم

ئاسودەم بەم گیاندارە
ئای چەند ڕەنگین و دیارە
بلیمەت و نـــاودارە
مێرویێکی بـــــەکارە
ناسراوی گشت جیهانە
هەردەم لە تێکۆشانە
دەچێ بە دەزووی نەخشین
مژدە ئەبەخشێ بە ژیــن
هەرگیز خۆی هەڵناکێشێ
هونەرمان پێ دەبەخشێ
ئافەرین مێرووی چالاك
خاوەن داهێنانی پــاك



٢٠١٢/٤/٩
سلێمانی

# گـــوڵەگـەنم

گوڵەگەنم
هاوڕێت منم
خۆشەویستی
تۆ پێویستی
سەوز و جوانی
لەبەر چاوی
میهرەبانی
تۆ سامانی
دیاری ژینی
تام شیرینی
من ئاسودەم
بە تۆ هەردەم



٢٠١٤/٤/٨
سلێمانی

# هەنگ

بفڕە ئەی هەنــــگ
تۆ بەبی  دەنـــــگ
خاوەن شیـلە
ئەی نەشمیلە
گوڵ هاوڕێتە
چـــاوەڕێتە
بفــــڕە بۆلای
خۆ تۆش تەنیای
دەی بـــــنۆشە
هەنگوین خۆشە
بە تێکۆشان
خۆشە ژیان



٢٠١٦/٥/٩
سلێما نی

# بـــــاران

نم نم باران
وا لە ئاسمان
دێتە خوارێ
جار بە جارێ
زەوی تەڕە
پیت و فەڕە
بوژانـــەوە
ژیانـــەوە
چەم و ڕووبار
گوڵ و گوڵزار
لە بەر باران
بە بەهاران
من و باران
هاوڕێین دیسان



٢٠١٤/١١/١١
سلێمانی

# تـــــاوس

بینیم بۆ یەکەمین جـــار
مەلێ هات بەلەنجە و لار
ورد ورد دەهات و دەچوو
باڵ و کلکی نەخشین بوو
بە جۆرەها ڕەنگەوە
کلکی بڵاو کـــردەوە
زانیم تاوسی نـــاوە
پەڕەکانی نەخشاوە
کەلێی نزیك بوومەوە
بوین بە هاوڕێ پێکەوە
ئای ئێستا چەند ئاسودەین
بۆ خۆمان یاری دەکـــەین



٢٠١٧/٥/٥
سلێمانی

# زستان

وەرزی زستان
لە کوردستان
بە بەفر و بـا
دەست پێ ئەکا
کاتی بــاران
جوانە ئاسمان
بە هەوری پاک
دڵخۆشە خــاک
دەشت پاراوە
وەرزی ئــاوە
با ساردیش بێ
هەر خۆشمەوێ



٢٠١٢/٢/١٢
سلێمانی

# هەنجیر

ئای ئای لە هەنجیرە ڕەشە
تامی زۆر شیرین و خۆشە
چەند جوانە شیلەی لێ دەتکێ
خۆشەویستە لای شار و دێ
ئەم دانەیان زەردی کاڵە
خواردنی گەورە و منداڵە
تۆ بنوارە چەند گەیوە
ئێوە میوەی واتان دیوە؟
ئەوەش هەنجیری سور باوە
شیرینە وەکو شەکراوە
ئۆخەی بۆی هێناوم دایە
میوەیەکی بێهاوتایە !



٢٠١٧/٨/٨
سلێمانی

# بێــچووە ورچ

لەگەڵ بێچوە ورچێ هاوڕێم
ئـــەها گۆرانی بۆ دەڵێم
چەند جوان هەستاوەتە سەرپێ
ئێستا ئەو گوێ لەمن دەگــرێ
بۆ خۆمان بە یاری  و سەما
ژیان پڕ دەکەین لە قاقا
بە خلە خل دێت و دەچێ
ئای کە جوانە بۆ لای من دێ
ئەمڕۆ ئێمە دەچین بۆ باخ
تێر نابین لە دیمەنی شاخ
پێکەوە دەڕۆین لە سەر ڕێین
لەوێ بۆ هەنگوین دەگەڕێین



٢٠١٧/١١/١٤
سلێمانی

# شـــیری دایـــکم

شیری دایکم شـیرینە

تامی دەڵێی هەنگوینە

تا بڵێی ســروشتییە

وەك سەرچاوەی کانییە

تەنیا هەر بە شیری ئەو

ئاسودەم بەڕۆژ و شـەو

هەردەم بەو شیرە پاکە

لەگەڵ مندا زۆر چاکـە

پەروەردەی کردم زۆر جوان

بۆ دوا ڕۆژی نیشتیمان

سوپاس بۆ تۆ دایە گیان

تۆ پێویستی بۆ ژیـــان



٢٠١٣/٧/١٠

سلێمانی

# مــنـاڵـم

جوانم لە ناو ژیـانا
وەکو گوڵ لە بەیـانا
مناڵێکی ڕوو خۆشـــم
بەرگی خاوێن دەپۆشم
بە بزەی لێوەکانـم
هیوا ئەدەم بە ژیانم
من لە قوتابخانە ژیرم
خاوێن و پاکە بیـرم
بۆ ئایندەم دەتوانم
بژیم بۆ نیشتمانم
نیشتمان چاوی لێمە
ئەو دڵخۆشە بە ئێمە



٢٠١٤/١١/٢٧
سلێمانی

# بــــاوکم

باوکم بەگسکی دەستی
دیارە هیوا و مەبەستی
کار دەکا بە دڵسۆزیی
بۆ وڵاتی پیــرۆزی
جیاوازە جل و بەرگی
سادەیە کار و ڕەنـگی
مرۆڤێکی دڵپــاکە
خاوەن هەستێکی چاکە
دەماڵێ خۆڵ و خــاشاك
کار دەکات بە دڵی پاک
کە دەبینێ شار پاکە
دڵ و چاوی ڕوونـاکە
کە ئێستا شار خاوێنە
دڵ ڕوونە وەك ئاوێنە
هەردەم بابە لەش ساخبێ
هەتا چواردەورمان پاکبێ
باوکم ژینگە پارێزە
لەلای خەڵکی بەڕێزە !



٢٠١٤/٩/٩
سلێمانی

# قوتابخانە

چەند خۆشە قوتابخانە
وەکو ماڵی خۆمانە
وا بەڕوی خۆشەوە چووم
لە ناو پۆلا دانیشتووم
هەر چەند سەرەتایە لام
بەڵام زۆر خۆشە جێگام
دڵخۆشم بە ساڵی نوێ
هاوڕێکانم خۆشدەوێ
بە هەست و سۆز مامۆستا
وەك دایە و بابەن ئێستا
خۆشترین ڕۆژی ساڵە
پڕ لە خەندەی منالە



٢٠١٨/١١/٢
سلێمانی

# نـــەورۆز

نەورۆز مژدەیە
ڕۆژی خەندەیە
ساڵی تازەیـە
گوڵ گەشاوەیە
چیرۆکی کاوە
لە جیهان باوە
هەردەم سەرکەوتن
دەبەخشێ بەمـــن
هاتەوە بەهار
بەگوڵ وگوڵزار
وا ڕۆژمان هەڵات
ڕەنگـینە وڵات



٢٠١٤/٣/١٨
سلێمانی

# یاری تۆپی پێ

وە رە خێراکە ها وڕێ
یاری کە ین بە تۆپی پێ
بۆ دڵخۆشی من و تۆ
خۆشترین ڕۆژە ئەمڕۆ
تۆش وەکو من بە جوانی
یاسای یاری دەزانی
کاتێ خێرا ڕادەکەین
ئازاری یەکتر نا دەین
بەم تۆپە لە گۆڕەپان
یاری ئەکەین بۆ خۆمان
دۆڕاو بین یان براوە
پڕ خۆشییە ئەم ناوە!



٢٠١٤/٧/١٥
سلێمانی

# دایــــک

دایك ژیانە

خۆری ئاسمانە

هەردەم دڵسۆزە

خاوەنی سۆزە

نەرم و نیانە

دڵ فراوانە

بێگەرد و پاکە

بەخشندە و چاکە

پەپولەی ماڵە

هاوڕێی مناڵە

کۆتری ئاشتییە

ناخی سپییە

گوڵی بەهارە

هەمیشە دیارە!



٢٠١٨/٩/٢١

سلێمانی

# هەنگە زەردە

هەنگە زەردە بەیانیان
تێدەکۆشێ بۆ ژیان
ڕۆژانە بێ ڕاوەستان
ویزەی دێ لە ناو گوڵان
هەر چەند قەبارەی وردە
بەڵام بەدەست و بردە
ئای چەند گورج و گۆڵ دیارە
ئامانجی ڕەنج و کارە
بەردەوام ڕاناوەستێ
واشانە هەڵدەبەستێ
هەردوکمان بە بێوچان
هەوڵ دەدەین بۆ ژیان
ئەو بە هەنگوینی شیرین
منیش بەکاری زێڕین !



٢٠١٦/٤/٢٢
سلێما نی

# جەژنی لەدایك بوون

بەیانی لەخەو هەستام
هەموو شتێ گۆڕابوو
لەسەر مێزێکی گەورە
کێك و مۆم دانرابوو
وەرن وەرن هاوڕێیان
بۆ جەژنی لە دایك بوون
ئەمڕۆ جوان خۆم گۆڕیوە
وەکو گوڵی ئاسۆی ڕون
ئای کە جوانە ژورەکەم
پڕە لە تابلۆی قەشەنگ
تیشکی مۆم و برسیکە
میزەڵدانی ڕەنگا و ڕەنگ
سوپاس بۆدایەی ئازیز
وا ئەمڕۆی کرد بەجەژن
تەماشا چەند دڵ خۆشە
بە ئێستا و دوارۆژی من
وا گشت هاوڕێیان هاتوون
دەستیان پڕە لە دیاری
ڕۆژێکی زۆر زێڕینە
ئەمڕۆ بۆ سەماو یاری!




٢٠٢٠/١/٢٠
سلێمانی

# هەور

وێنەی هەور دەکێشم
زۆر ئاسودە و دڵخۆشم
خەیاڵم لای بارانە
لای گێڵگە و دەغڵ و دانە
دەریا و ڕوبار و کانی
هێمان بۆ ئاوەدانی
چیرۆکی بەفرو باران
زۆر خۆشە بۆ مناڵان
مۆسیقای ئاو سەمای گوڵ
مزگێنی دەدەن بەدڵ
نیگاری هەورو ئاسمان
پڕن لە مژدەی باران!



٢٠١٣/١٢/٢٠
سلێمانی

# گـوڵ فـرۆش

وا دەڕۆم بەرەو بنار
پڕە لە گوڵ و گوڵزار
ئێستا گوڵاڵە دەچنم
بۆ خونچە پێدەکەنم
پرچم بەگوڵ بەستوە
بۆنی خۆشم گرتوە
لای گوڵی ڕەنگاو ڕەنگم
هاوڕێی پەپولە و هەنگم
دەیان هێنمەوە بۆ ماڵ
چەپکێ سور و چەپکێ ئاڵ
منم کچی گوڵ فرۆش
وەرن بۆ گوڵی بۆن خۆش !



٢٠١٩/٢/٢٧
سلێمانی

# باخچەکەم

باخچەکەم پڕ خونچەیە
زۆر جوان و بێ وێنەیە
گەشە گوڵ و گوڵزاری
چاو ڕونە بە نیگاری
کەدە ییبینم ڕۆژانە
دڵم پێی شادومانە
وەك باخەوانێکی چاك
گوڵ دەچێنم لەسەر خاك
بەڕەنجی خۆم ڕۆژانە
هەست و بیرم لایانە
ئاودێرم باخچەوانم
دڵسۆزی نیشتیمانم



٢٠١٦/٦/٦
سلێما نی

بوکە سورە

# خەیاڵ

ئەم شەو بە خەیاڵ
چووم بۆ ژێر دەریا
وەك مەلەوانێك
بە توانا و وریا
چومە سەر پشتی
بێچوە دۆلفینێ
بە ئارەزوی خۆی
دەمبا و دەمهێنێ
وا ئێستا دەڕۆم
بەرەو قوڵایی
چواردەورم پڕە
لە ئەسپی ئاوی
بە نۆبە دەمبەن
دەریا بەدەریا
لە خۆشیاندا
کەوتومە سەما
ئای ئای چەند خۆشە
جار جار بەخەیاڵ
گەشت بکەم بڕۆم
وەک شنەی شەماڵ!



٢٠١٨/٩/٢٧
سلێمانی

# بوکە سورە

بوکە سورەم ڕەنگ ڕەنگم
خـــۆشن ئاواز و دەنگم
کلکم ڕەش و سپیە
سەر پشتم قاوەییە
سەر باڵەکانــم زەردە
ناخم سپی و بێگەردە
هاوڕێی کەناری و قومریم
لە دەشت و هەردا دەژیم
گەردنم ڕەنگی سوورە
دەنگم وەکو شـالوورە
کە بە ئازادی دەفـــڕم
بەرە و ئاسمان باڵ دەگرم



٢٠١٥/٤/١٤
سلێمانی

# بوکەکەم

بوکەکەی من خەندەیە
لێوی دەڵێی خونچەیە
دەست و پەنچەی خرپنە
کچێکی زۆر شـــەرمنە
شێوەی زۆر لە خۆم دەچێ
کـــاتێ کە پێدەکەنێ
ڕوومەت ئاڵ و چاو سەوزە
گـــەردنی سپی و بەرزە
پەرچەمی لە سەرچاوە
قژی خـــاو داهێناوە
بوکی منە خەندە خان
دانیشتووە خان و مان



٢٠١٦/٧/٧
سلێمانی